# مۆرفێمەكانی( -ا )لە دیالێكتی ناوەڕاستی زمانی كوردیدا

م.ی.دڵشاد محەممەد غریب

زانكۆیگەرمیان- فاكەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەكان ووەرزش-سكوڵی زمان وزانستە مرۆڤایەتیەكان- بەشی زمانی كوردی

## پێشەكی

زمان پەیڕەوێكی دەنگییە ،یاخود ئامێرێكە بۆ لە یەكتر گەیشتن وەكودیاردەیەكی كۆمەڵایەتی بەكاردێت. هەر زمانێكیش تایبەتمەندی خۆی هەیە،كە دەبێتە پێناس و ناسنامەی و لە زمانەكانی تر جودای دەكاتەوە......چونكە هەر زمانێ دەستور و تایبەتمەندی خۆی هەیە،چ لە ئاستی دەنگسازی یان وشەسازی یاخود ڕستەسازیدا بێت.هەر زمانێكیش بەپێی ئاستەكانی زمان و بەپێی كۆمەڵێك یاسا و دەستور ڕەفتار لەگەڵ دانە ڕێزمانییەكاندا دەكات،زمانی كوردیش یەكێكە لە زمانە هیندوئێرانییەكان،كە سەر بەخێزانی(هیندوئەورۆپاییە) و سەربەخۆ كار لەگەڵ ئەو یاسا و دەستورانە دەكات بۆ شیكردنەوەی دانە ڕێزمانییەكانی،لە پاڵ ئەوەشدا هەندێك جار سوود لە توێژینەوەی زمانانی تر وەردەگیرێت بە مەبەستی توێژینەوە و دەوڵەمەندكردنی یاسا زمانییەكان.

## ناونیشانی لێكۆڵینەوەكە :

ئەم لێكۆڵینەوەیە بە ناو نیشانی : ((مۆرفێمەكانی(-ا) لە دیالێكتی ناوەڕاستی زمانی كور دیدا))وەیەو،تێیدا تیشك خراوەتە سەر دیاریكردنی ئەركی مۆرفێمەكانی (-ا)لە هەردوو ئاستی وشەسازی و ڕستەسازیدا و، ڕۆڵی لە دروستكردنی وشەی نوێ و دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمانی كوردی خراوەتە ڕوو.

## هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە :

مۆرفێمەكانی (-ا)كە بەچەند مۆرفێمێكی بەندی ڕێزمانی ناسەربەخۆی بێ واتا دەناسرێن،لەگەڵ وشە،یاخود فرێز و ڕستەدا واتاكانیان دەردەكەوێت وپەیڕەوێكی خزمەتگوزارن.....ئەو لێكۆڵینەوانەی لەمەڕ كێشە و یاساكانی ڕێزمانی كوردییەوە ئەنجام دراون،بۆ دۆزینەوەی ئەو دەستورانەی ڕێزمانی كوردی لەسەر بەندە،زۆر مەبەستیان پێكاوە.....تا ڕادەیەك بەرهەمی بەكەڵك وپڕ بایەغیان هێناوەتە ئەنجام لە نیشاندان وشیكردنەوەی دانە ڕێزمانییەكاندا،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك كەلێن و بابەتی زانستی هەن، بەشێوەی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە، ئاشكرایە،تا ئەمڕۆ چەند لێكۆڵینەوەیەك لەبارەی مۆرفێمە بەندە ڕێزمانییەكانەوە بەرچاو دەكەون و بەئەنجام گەینراون،بەڵام سەرەڕای ئەوەش ، بە ئەركی سەرشانی خۆمانی دەزانین،بەپێی توانست و بەشێوەیەكی زانستی لە مۆرفێمەكانی (-ا )بدوێین،چونكە گەلێك ئەركی گرنك و بەرچاویان هەیە لە ئاستی وشە سازی و ڕستە سازیدا،بەڵام وەكو پێویست كاریان لەسەر نەكراوە.

## كەرەستە و ڕێبازی لێكۆڵینەوەكە :

كەرەستەی لێكۆڵینەوەكە بریتییە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵك و دێڕە شیعرێك بە كەرەستەی دیالێكتی ناوەڕاستی زمانی كوردی ئەنجام دراوە،ڕێبازی لێكۆڵینەوەكەش بریتییە لە ڕێبازی وەسفی شیكاریی.

## سنوری باسەكە :

باسەكە لێكۆڵینەوەیەكی وردە لەمەڕ مۆرفێمەكانی(-ا)ەوە ئەنجام دراوە و لە چوار چێوەی(وشەسازی و ڕستە سازی) تێپەڕی نەكردووە.

**ناورۆكی لێكۆڵینەوەكە:**

**ناوەرۆكی لێكۆڵینەوەكە بریتییە لە پێشەكیەك و دوو بەش و ئەنجامی لێكۆڵینەوەكە.**

**بەشی یەكەم:**

لەم بەشەدا باسی مۆرفێمی(-ا) ی وشە دارێژ- وشەسازی دەكەین و بەپێی توانست ئەركەكەی لە رۆنانی وشەدا دیاری دەكەین و،هەوڵ دەدەین یاسا و دەستورەكانی نیشانبدەین،چونكە هاوكاری رۆنانی وشەی نوێ دەكات،بۆیە ئەرك و رۆڵی مۆرفێمی (-ا) وەكو پاشگر خراوەتە روو.

هەروەها تیشك و رووناكی خراوەتە سەر مۆرفێمەكانی(-ا) ی وشە گۆڕ-سینتاكسی،كە ئەم ئەركانە جێبەجێ دەكەن و لە سازدانی رستەدا بەشداری دەكەن،وەك:

١-(-ا)ی كاتی رابردوو.
٢-(-ا) ی كاتی رابردوو لە بكەر نادیاردا.
٣-(-ا)ی پاشبەند.
٤- (-ا)ی جێناوی لكاو.
٥-(-ا) ی بانگهێشتكردن.

**مۆرفێمی(ا)لە ئاستی وشە سازیدا**

لەبەر ئەوەی ئەم بەشەی لێكۆڵینەوەكەمان لێكۆڵینەوەیەكی وشەسازییە و،رۆڵ و ئەركی مۆرفێمەكانی(-ا) دەخەینە روو،بۆیە بە پێویستی دەزانین لە دەستپێكدا پچێك لەو زانستە بدوێین..... پاشان بەكورتی گەشتێك بەنێو ئەو پێناسانەدا بكەین،كە لە بارەی ( مۆرفێم )ەوە سازدراون،ئەوجا كورتە باسێكی جۆرەكانی لە زمانی كوردیدا دەستنیشان بكەین و هەندێك زانیاری لە بارەیانەوە بخەینە روو.

وشەسازی-علم الصرف-morphology :-زاراوەی مۆرفۆلۆجی كە لە زمانی یونانییەوە وەرگیراوە،لە( morphe - شێوە-فۆرم ) و ( loges -زانست-لێكۆڵینەوە) پێكهاتووە[١].

بەم شێوەیە مۆرفۆلۆجی بریتییە لە: لێكۆڵینەوە لەبارەی وشەوە لە رووی پێكهاتن و گۆڕانەوە دەدوێت.....یاخود لە مۆرفێمەكانی وشە دەكۆڵێتەوە و ئەو مۆرفێمانەی بناغەی وشە پێك دەهێنن.وشەش هەرچەندە دانەیەكی زمانی یەكجار دێرین وبڵاو و ئاشنایە،كە چی تا ساڵانێكی درەنگ پێناسینی ورد و قوڵ و تەواوی نەخراوەتە روو.واتا پێناسەیەكی ئەوتۆ نابینرێ،كە گشت روویەكی وشە بگرێتەوە،بەڵكو زمانەوان هەر جارێك بۆ مەبەستێك و لەسەر پێناسینیشی رێك نین[٢].

پاشان زمانەوانی بیانی توانییان هەموو ناوەكانی(وشەی سادە،ئامراز...تد) لە زاراوەیكی وەكو(مۆرفێم-Morpheme ) كۆبكەنەوە،كە وشەیەكی گریكییە و چەمكی فۆرم دەدات،وەك ئاشكرایە مۆرفێمیش زۆر پێناسەی هەیە و،بە بۆ چوونی ئێمە گونجاوترین پێناسە ئەوەیە،كە دەڵێت:((مۆرفێم یەكەیەكە،ناتوانرێت لەرێی شیتەڵكردن وجیاكردنەوەوە بكرێت بەیەكەی گچكەتری خاوەن-واتا یان هەڵگری واتا))[٣].بەم جۆرە دەتوانین بڵێین لە مۆرفێمدا ئەم تایبەتانە بەدی دەكرێت[٤]:

١-لە فۆنێمێك یان پتر پێك دێت.
٢-كەرت ناكرێت بۆ پارچەی بچووكتر.
٣-خاون فۆرم و شێوەیە.
٤-خاوەن واتایە.

٥-ئەركی وشە سازی و ڕستە سازی دەبینێت.

كەواتە ئەو فۆرمانەی سادەترین چەمك و كورتترین واتا دەردەبڕن ، ئەوەیە كە ناتوانرێت لە خۆیان بچووكتر بكرێنەوە بە مەرجێك واتا ڕاستەقینەكەیان نەفەوتێت[٥].بۆ نموونە وشەی(پێنووس)لە دوو مۆرفێم( پێ+نووس) پێكهاتووە، هەریەك لەو مۆرفێمانە بچووكترین دانەی واتاداری زمانن و، پێیان دەوترێت مۆرفێم.

بەشێوەیەكی گشتی لە زمانی كوردیدا( مۆرفێم) بەسەر دوو جۆردا دابەش دەكرێت:

**١-مۆرفێمی سەربەخۆ-Free morpheme**[٦].

ئەو مۆرفێمانەن،كە لە ڕووی فۆرم و واتاوە دەتوانن سەربەخۆ ڕەفتار بكەن و،لە ناو ڕستەدا ئەرك و ڕۆڵی خۆیان ببینن ،وەك:( دار، زیرەك، شار، كوردستان.......تد).

**٢-مۆرفێمی بەند- Bound morpheme.**

ئەو مۆرفێمانەن،كە پابەندی مۆرفێمێكی ترن وبەهیچ شێوەیەك واتای سەربەخۆیان نییە، واتە بەتەنیا دەرناكەون و واتای تەواو نابەخشن[٧]، وەك:( بە ،ا، تێ،ە....تد).ئەم جۆرە مۆرفێمانە لە زمانی كوردیدا بەمۆرفێمی بەند ناسرون ،چونكە بەتەنیا هیچ واتایەكیان نییە و بەڵكو واتا و ئەركیان لە پاڵ وشە و فرێز ورستە دا دەردەكەوێت،مۆرفێمی بەندیش دابەش دەبێت بەسەر:

**ا-مۆرفێمی بەندی_ وشە داڕێژ.**
**ب-مۆرفێمی بەندی_ وشەگۆر/ڕێزمانی.**

**ا-مۆرفێمی بەندی_ وشە داڕێژ:**

ئەو پێشگرو پاشگرو ناوبەندانە دەگرێتەوە و وەك مۆرفێمێكی بەند ئەركی داڕشتنی وشەی نوێ دەبینن ،بۆ نموونە لە وشەی (هەڵكردن ،بێ جەرگ ) لەو دوو نموونەیەدا مۆرفێمی (هەڵ-بێ ) بەتەنها هیچ واتایەكیان نییە بەڵكو كاتێك دەچنە سەر وشەی( كردن) كە چاوگە و وشەی (جەرگ) ناوە وشەیەكی نوێیان دروست كردووە لەگەڵ ئەوەشدا مۆرفێمە ، وشە داڕێژراوەكان دەتوانن وشەیەك لەبەشە ئاخاوتنێكەوە بگۆرن بۆ بەشە ئاخاوتنێكی تر وەك (جەرگ) ناوە ،بەلآم كە وترا (بێ جەرگ) دەبێتە ئاوەڵناو.مۆرفێمەكانی(-ا) ش لە زمانی كوردیدا وەكو چەند مۆرفێمێكی بەند ڕۆڵی گرنگ دەبینن،بۆیە بە پێویستمان زانی بەشێوەیەكی ورد و زانستی ئەركەكانیان بخەینە ڕوو.

**١-مۆرفێمی(-ا) ی پاشگر-suffix**

پێش ئەوەی باسی ئەم پاشگرە بكەین، پێویستە ئەوە بزانین،لە زمانی كوردیدا چەند مۆرفێمێكی (-ا) هەن ولە ڕووی فۆرم و شێوەوە وەكو یەكن،بەڵام ئەركی جیاواز دەبینن.یەكێك لەو مۆرفێمانە(-ا) ی پاشگرە،بۆیە ڕۆڵ و تایبەتمەندییەكانی ئەم پاشگرە لە زمانەكەماند پێویستە بەتەواوەتی ساغ بكەینەوە،بۆ ئەوەی جارێكی دیكە ئەو هەڵە و ناتەواویانەی پێشتر دەربارەی كراون دووبارە نەكرێنەوە و هەرجارەیش بەناوێك و ڕواڵەتێكی نوێ وە نەخرێنە بەرچاو.

پاشگر لە زمانی كوردیدا: ئەو مۆرفێمە بەندەیە،كە بەتەنیا بایەخی نییە و بەشێوەیەكی سەربەخۆ كار ناكا و،بەتەنیا هیچ واتایەك ناگەیەنێت،بەڵكو كە دەلكێت بەوشەوە دەتوانێت یاریدەی ڕۆنانی وشە ببێنێت و، واتاكەی دەردەكەوێت لە بەشداریی وشەی نوێدا.

مۆرفێمی(-ا)ش وەکو پاشگرەکانی تر،بۆ واتا و مەبەستی نوێ دەتوانێت وشەی نوێ پێکبهێنێت،ئەویش بەبەشدارییوونی لە زۆر وشەی ناسادەدا،کە زمان و فەرهەنگی کوردی پێ دەوڵەمەند دەکرێت،واتا لەگەڵ مۆرفێمێکی بنجیدا خۆی دەسازێنێت بۆ رۆنانی وشەیەکی نوێ،وەك:

**١-ئاوەڵناوی داڕێژراو:**

لە زمانی کوردیدا پاشگری(-ا) وەکو پاشگرەکانی تر،دەچێتە سەر ڕەگی کردار و دەیکاتە ئاوەڵناوی داڕێژراو و واتای بوون و خاسیەت و چونێتی نیشاندەدات[٨]،وەك:

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| چاوگ | ڕەگ | + | پاشگر | = | ئاوەڵناوی داڕێژراو |
| زانین | زان | + | ا | = | زانا |
| توانین | توان | + | ا | = | توانا |
| دانان | دان | + | ا | = | دانا |

.........تد.

ئەگەر چ وشەکانی (زانا،توانا،دانا) وێڕای ئەوەی لەبنەڕەتدا ئاوەڵناون،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناوی کاران و ئەمڕۆ وەکو ناوی تایبەتی بەکاردەهێنرێن و زۆر چالاکن،وەك:

- زانا لە زانکۆیە.
- توانا حەزی لە خوێندنە.
- دانا نووسەرە.

......تد.

**٢-ناوی داڕێژراو:**

پاشگری(-ا) دەلکێت بە هەندێك ئاوەڵناوەوە و ناوی داڕێژراو سازدەکات،وەك:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئاوەڵناو | + | پاشگر | = | ئاوەڵناوی داڕێژراو |
| گەرم | + | ا | = | گەرما[٩] |
| سارد | + | ا | = | سەرما |

......تد.

ئەوەی جێگای سەرنج و تێبینی بێت ئەوەیە لە وشەی (سەرما )دا، دەنگی (د) گۆڕاوە بە دەنگی (م)وبزوێنی(ا)یش بە(ە) ئەمیش دیاردەیەکی فۆنۆلۆجیی زمانی کوردییە،چونکە هەندێ جار دەنگ هەیە دەتوێتەوە یاخود دروست دەبێت یان دەگۆڕێت......تد.

**٣ -دەچێتە سەرهەندێك ژمارەی سادە و،دەیکات بە داڕێژراو،وەك:[١٠]**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژمارە | + | پاشگر | = | ژمارەی داڕێژراو |
| پێنج | + | ا | = | پەنجا |
| هەفت | + | ا | = | هەفتا |
| هەشت | + | ا | = | هەشتا |

......تد.

## بەشی دووەم

### مۆرفێمەكانی (-ا) لە ئاستی سینتاكسدا

سینتاكس (علم النحو- syntax ) زاروەیكی یونانییە و واتای ڕێككەوتن و ڕێكخستن دانان دەبەخشێت،لە جۆری ڕێكەوتنی وشە لە ناو چوار چێوەی ڕستە دا دەكۆلێتەوە[11] . مەبەست و ئاما نجی سەرەكی سینتاكس :((لێكۆڵینەوەی چۆنیتی ڕێكخستنی وشەكانە لە پێكهاتەی فرێز و وشەكاندا))[12].كەواتە ئەركی ئەو وشانە ڕووندەكاتەوە ،كە لە ناو ڕستەدا چۆن ڕیز دەكرێن و ئەركی خۆیان بەجێ دەهێنن،بەوێنە كە دەوترێت(زانا) نازانرێت مەبەست كەسێكی(زانا) یە و ئاوەڵناوە یاخود ناوێكی تایبەتییە،بەڵام كاتێك وشەی (زانا)دەخرێتە چوار چێوەی ڕستەسازییەوە و بەكار دەهێنرێت ئەو تێكەڵاو و ئاڵۆزییە لابەلا دەبێت،وەك:

ا-سیروان كوڕێكی زۆر زانایە.

ب-زانا برای منە.

ئەگەر سەرنج بخەینە سەر ڕستەی (ا)خێرا دەزانرێت وشەی (زانا) لە بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵناودایە،بەڵام لە ڕستەی (ب) دا هەست بەئەوە دەكرێت،كە(زانا)لە ئەركی ئاوەڵناوی كەوتووە و بووە بە ناو. مۆرفێمە بەندە ڕێزمانییەكان، لە پاڵ بەها ڕێزمانییەكاندا نرخی سینتاكسییان هەیە،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەكو مۆرفێمێكی سەربەخۆ ڕەفتاریان لەگەڵ ناكرێت،بەڵكو پەیوەندییە ڕۆنانییەكانی نێوان دانەكانی تری پێكهاتەكە نیشاندەدەن.

مۆرفێمی (- ا) لە ئاستی سینتاكسدا مۆرفێمێكی هاوبێژە،چونكە لە ڕووی فۆرم و شێوەوە وەكو یەكن ،بەڵام چەند ئەركێكی ڕێزمانی جوداجودا دەبینن،وەك:

#### ١-مۆرفێمی كاتی ڕابردوو:

كاری ڕابردوو،ئەو كارەیە كە ڕووداوەكەی كەوتۆتە پێش ئاخاوتن و ڕوودانی كارەكەیش بەسەر چووە و ڕوویداوە،مۆرفێمی( -ا )یش وەكو مۆرفێمەكانی( وو،ی،د،ت ) یەكێكە لە مۆرفێمەكانی كاتی ڕابردوو،وەك:

| چاوگ | كاری ڕابردوو | مۆرفێمی ڕابردوو | ڕستە |
|---|---|---|---|
| شكان | شكا | ا | خوێندكارەكە سەری شكا |
| كێڵان | كێڵا | ا | جوتیارەكە زەوییەكەی كێڵا |
| هێنان | هێنا | ا | ئاكام كتێبەكەی هێنا |
| خنكان | خنكا | ا | نەسرین لە ئاوەكەدا خنكا |

......تد.

لەو نموونانەی سەرەوەدا زۆر ڕوون و ئاشكرایە مۆرفێمی(-ا)وەكو مۆرفێمێكی بەندی ڕێزمانی ئەركی مۆرفێمی كاتی ڕابردووی بینیووە.

#### ٢-مۆرفێمی كاتی ڕابردوو لە بكەر نادیاردا:

چەمكی بكەر نادیار ئەو ڕستەیەیە،كە بكەرەكەی و ئەو كەسە یان شتەی ئیش و كردارەكە بەجێ دەهێنێت لە سیمادا لەبەر هەر چی هۆیەكەوە بێت دەرناكەوێت[13] . لەزمانی كوردیدا نیشانەی بكەر نادیار لە ڕێژەی ڕابردوودا،بریتییە لە :

چاوگ رەگی داهاتوو + نیشانەی نادیاری (ر) + نیشانەی کاتی ڕابردوو(-ا)، وەك:

هێنان + هێن + ر + ا = هێنرا

فرۆشتن + فرۆش + ر + ا = فرۆشرا

کێلان + کێڵ + ر + ا = کێڵرا

بینین + بین + ر + ا = بینرا

......تد.

لەو نموونانەی سەرەوەدا کارەکانی (هێنرا ،فرۆشرا،کێڵرا، بینرا.....تد) هەریەکەیان بەکارێکی بکەر نادیار لەقەڵەم دەدرێن،چونکە نازانرێت کێ هەڵساوە یان هەڵدەستێت بەئەنجام دانی ئەو کارانە،بۆنموونە لە ڕستەی یەکەمدا نازانرێ کێ یان چی هێنراوە،هەروەها لەڕستەی دووەم وسێیەم و.....تد. بەهەمان شێوەیە،لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕووی کاتەوە ئەگەر سەیری کاتی کارەکان بکەین دەبینین،لەکاتی ڕابردوودا ئەنجام دراون و کاتەکەیان بەسەر چووە ئەویش بەیارمەتی نیشانەی(-ا) ەوە دەزانین کاتەکە ڕابردووە،چونکە کاتی داهاتوویش نیشانەی(-ێ/ێت) وەردەگرێت،وەك:

| نیشانەی داهاتوو | + | رەگ | + | نیشانەی بکەرنادیار | + | نیشانەی کاتی داهاتوو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دە | + | خۆ | + | ر | + | ێ / ێت |
| دە | + | شکێن | + | ر | + | ێ / ێت |
| دە | + | بر | + | ر | + | ێ /ێت |

......تد.

**٣-جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك:**

لە دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا مۆرفیمی(-ا) وەکو جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك دەردەکەوێت ،هەر بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی ئەم باسە،بە پێویستی دەزانین جێناوە لکاوەکان بە پێی کەس و ژمارە لەبەر چاوبن،بۆیە سەرەتا خشتەیەکی جێناوە لکاوەکان دەخەینە بەرچاو،وەك[١٤]:

| ژمارە | کەس | جێناوی کەسی لکاو A | جێناوی کەسی لکاو B |
|---|---|---|---|
| تاك | ١ | م | م |
| | ٢ | ت | یت/ی |
| | ٣ | ی | ø,یت/ێ,ات/ا |
| کۆ | ١ | مان | ین |
| | ٢ | تان | ن |
| | ٣ | یان | ن |

بەو پێیە دوو دەستە جێناوی لکاو لە دیالێکتی ناوەڕاستدا هەیە و بکەر و کردار لە کەس و ژمارەدا ڕێك دەکەون[١٥]. واتە بکەر لە چ کەس وژمارەیکدا بێت،کرداریش جێناوێکی لکاو سەر بە هەمان کەس و ژمارە وەردەگرێت،بەوێنە بۆ کرداری

ڕابردووی تێنە پەڕ و داهاتووی تێپەڕ و تێنە پەڕ دەستەی(B) ) بۆ كەسی سێیەمی تاك جێناوی (ø ،ات/ا، یّت/یّ ) وەردەگرێت ، لەگەڵ ئەوەشدا یەكێك لەتایبە تمەندییەكانی جێناوی (ات/ا)ی كەسی سێیەمی تاك ئەوەیە لەگەڵ هەندێك كرداری تێپەڕ و تێنە پەڕدا دەردەكەوێت بەتایبەتی ئەو كردارانی، كە ڕەگەكانیان بە دەنگی (ۆ، ە)كۆتایی دێت، وەك:

- ئەو نان دە + خو +ات    دە + خو + ا
- سیروان بۆ بازاڕ دە + ڕو +ات    دە + ڕۆ + ا
- ئەو یاری دە + كە + ات    دە + كە +ا
-ئەو كتێبەكە دە + بە +ات    دە +بە + ا

........تد.

كەواتە فۆرمەكانی(ات/ا)وەكو ئەلۆمۆرفی جێناوی لكاوی كەسی سێیەمی تاك ئەرك دەبینن .سەبارەت بەكارهێنانی فۆرمی (-ات)یان(-ا) زیاترلە نێو ئاخاوتنی ڕۆژانە و زمانی ئەدەبیدا......د٠ئەوڕەحمانی حاجی مارف لەكتێبی(ڕێزمانی كوری، جێناو)،(ل١٣٦-١٣٧)لە ژێر باسی( مۆرفێمی ا/ات)دا، ئاماژە بەئەوە دەدات ،كە (( گەڕان بە دیوانی نالی و مەحوی وزێوەر....دا، ئەوە دەردەخا،كە تەنیا لە یەك دوو شوێندا نەبێ-ئەویش لەوشیعرانەدا كە بە پیتی تیٚ كۆتاییان دیٚ-فۆرمی (ات)یان بەكارهێناوە،كەچی دەیان ڕێژەی كەسی سێیەم بە(ا)هاتووە ))[١٦] .

٤-مۆرفێمی(-ا)ی پاشبەند:

پاشبەند ئەو مۆرفێمە ڕێزمانییە ناسەربەخۆیانەن،كە بەتەنیا هیچ واتایەك نابەخشن و ئەركیان لە گەڵ پێشبەندەكاندا دەردەكەوێت و واتای جۆر بە جۆر دەبەخشن[١٧]. پاشبەندەكانی زمانی كوردیش بریتین لە:( ەوە/وە ،دا ،را )لێرەدا وەك پێویست تەنها ئەرك وڕۆڵی پاشبەندی( دا)دەخەینە ڕوو،چونكە ئەم پاشبەندە هەندێك جار بەهۆی دیاردەی فۆنەتیكەوە دەنكی(د)كلۆردەكرێت و تەنها دەنگی(-ا)وەكو ئەلۆمۆرف دەمێنێتەوە و شوێنی(دا) دەگرێتەوە ،ئەمیش دیاردەیەكی ئاساییە و زیاتر بەمەبەستی ئاسنكردنەوەی دەربڕین بەكاردێت،ئەم دیاردەیەش زیاتر لەگەڵ(ناو، ژمارە، ئاوەڵكردار...تد) دەردەكەوێت،بۆ تەواو كردنی پاشبەندی(دا/ا)پێشبەندی( لە)دەكەوێتە سەرەتایی بەشە ئاخاوتنەكانەوە، وەك:

ا-لەگەڵ ناودا:

مۆرفێمی( -ا )وەكو پاشبەند لەگەڵ ئەو ناوانەدا دەردەكەوێت ،كە واتای كات و شوێن نیشاندەدەن و كۆتاییان بەدەنگی نەبزوێن هاتووە، وەك:

| | |
|---|---|
| لە ماڵدا | لە ماڵا |
| لە زستاندا | لە زستانا |
| لە شەواندا | لە شەوانا |

.......تد.

دەبێت ئەوە لەیاد نەكەین ئەگەر ناوێك كۆتایی بە دەنگی بزوێن هاتبێت ئەوە فۆرمی ( -ا )دەرناكەوێت و فۆرمی( دا )ئەركەكە بەجیٚ دەهێنێت، وەك:

لە ڕێدا
لە بەر دەرگادا
لە زانكۆدا
.......تد.

**ب-لەگەڵ ئاوەڵكرداردا:**

بەهەمان شێوە ئەم مۆرفێمە وەكو پاشبەند لەگەڵ ئاوەڵكرداردا دەردەكەوێت وشوێنی مۆرفێمی (دا) دەگرێتەوە،ئەویش بەهۆی كرتـاندنی دەنگی( د)وەیە،وەك:

| | |
|---|---|
| لە خۆشیدا | لەخۆشییا |
| لەترسدا | لەترسا |
| لە داخدا | لە داخا |
| | .......تد. |

**پ-لەگەڵ ژمارەدا(١٨):**

لە پێكهاتەی ژمارەی كەرتیشدا،مۆرفیمی(-ا)وەكو پاشبەند بەشداری دەكات،وەك:

| | |
|---|---|
| لە دەدا دوو | لە دەیا دوو |
| لە سەددا سەد | لە سەدا سەد |
| لە هەزاردا یەك | لە هەزارا یەك |
| | ........تد. |

**٥-مۆرفێمی( -ا) لە دۆخی بانگهێشتندا**

لە دیالێكتی ناوەڕاستدا لە دۆخی بانگهێشتندا جیاوازی لە نێوان نێر و مێ دەكرێ و،بۆ نێر مۆرفێمی (-ە)وبۆمێ مۆرفێمی(-ێ ) وەكو ئامرازێك بۆ بانگهێشكردن و وریاكردنەوە دەلكێنرێن بەكۆتـایی نـاوی نێر و مێوە ،وەك:

باوك + ە

كاك + ە

كچ + ێ

خووشك + ێ

.......تد.

ئەكەر چی مۆرفێمی (-ە) وەكو ئامرازی بانگهێشتن لكاوە بە وشەكانی(باوك،كاك ......تد)ەوە،بەڵام لەكەڵ ئەوەشدا ئەوەی جێگای ئاماژە كردن بێت ئەوەیە،ئەگەر ناوێك كۆتایی بە بزوێنی( ا) هاتبێت،ئەو كاتە نیشانەیی(-ە) ی بانگهێشتەكە تێدەچێ،چونكە لەزمانی كوردیدا دوو بزوێن لەپاڵ یەكتردا نـاین، ئەمیش دیاردەیەكی فۆنەلۆجییە و بەر یاسایی توانەوە( Assimilation )كەوتووە و دەنگی ( -ا) وەكو مۆرفێمی بانگهێشتكردنەوە دەمێنێتەوە،وەك:

برا + ە = برا

مەلا + ە = مەلا

مامۆستا + ە = مامۆستا

......تد.

هەروەها لە زۆربەی زۆری بەرهەمە شیعرییەكاندا، مۆرفێمی( -ا) وەكو ئامرازی بانگهێشتكردن و چەند مەبەستێكی تر بەكار هێنراوە ،وەك:

چەندە پێم خۆش بوو زوبانی حاڵی دەیگوت(نالیا)
هەردوو حەیوانین، ئە تو گوێ کورت و ئەمنیش گوێ درێژ [١٨]

لێرە دا دەبینین مۆرفێمی( -ا) چووەتە سەر ناوی(نالی)و کردوویەتی بە( نالیا). ئەگەر بە وردی و بەشێوەیەکی زانستی کێشی دێرە هۆنراوەکە پێشان بدەین، زیاتر مەبەستی شاعیرمان بۆ روون دەبێتەوە لە بەکارهێنانی ( -ا) چییە، وەك :

چەن دە پێم خۆش بوو زو با نی حا ڵی دەی گوت نا لی یا
_ ب _ _ _ ب _ _ _ ب _ _ _ ب _
هەر دوو حەی وا نین ئە تو گوێ کور تو ئەم نیش گوێ د رێژ
_ ب _ _ _ ب _ _ _ ب _ _ _ ب _

دەتوانیین بڵێین بە پێی ئەو نموونەیەی سەرەوەدا، شاعیر مۆرفێمی (-ا)بۆ چەند مەبەستێك بەکار هێناوە، وەك:

١- هاوسەنگکردنی کێشی شیعرەکە ،چونکە ئەگەر مۆرفێمی( -ا)نەبوایە بڕگەکە کورت دەردەچوو، لە پاڵ ئەوەشدا بڕگەی بەرامبەر درێژ و لاسەنگ دەبوو.

٢-بۆ جوانکردنی شیعرەکە.

٣-ئەرکی بانگهێشتکردنی بینیوە، لەبەر ئەوەی( گوێ درێژ) بانگی(نالی) کردووە ، بەسەرنجدانمان لەو جۆرە نمونانە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە شاعیران مۆرفێمی (-ا) یان بە مەبەستی بانگهێشتکردن پەیڕەو کردووە. ئەم حاڵەتە-واتە حاڵەتی بانگهێشتکردن لە زمانی عەرەبیشدا زۆر چالاکە، وەك:((وازيدا لاتبعد)) [١٩] لەم نموونەیدا مۆرفێمی( -ا ) لە وشەی( وازيدا ) بۆ بانگهێشتکردن بەکارهاتووە، بۆیە پێدەچێت شاعیرانی کوردیش بەلاسایی کردنەوەی زمانی عەرەبی مۆرفێمی(-ا) یان بۆ هەمان مەبەست بەکارهێنابێت، چونکە وەك ئاشکرایە لە مێژە شاعیرانی کورد لە زۆر ڕووەوە لاسایی زمانی عەرەبی و فارسی تورکی و....تد.یان کردۆتەوە.

## ئەنجام

لەکۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیدا دەتوانیین بڵێین:

مۆرفێمی( -ا )مۆرفێمێکی بەندی ڕێزمانی هاوبێژە و بەتەنها هیچ ئەرك و واتایەك نابەخشێت ودەرناکەوێت ،بەڵام لەگەڵ وشە و فرێز و ڕستەدا واتا و ئەرکەکەی دەردەکەوێت، وەك:

### ا-لە ئاستی وشەسازیدا:

مۆرفێمی( -ا ) وەکو مۆرفێمێکی بەندی ڕێزمانی -وشەداڕێژ لەدیالێکتی ناوەڕاستدا، وەکو پاشگر ئەرکی ڕۆنانی وشەی نوێ دەبینێت، بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی فەرهنگی زمانی کوردیی.

### ب-لەئاستی ڕستەسازیدا:

مۆرفێمکانی( -ا ) وەکو مۆرفێمێکی بەندی ڕێزمانی –وشەگۆڕ لە دیالێکتی ناوەڕاستدا، چەند ئەرکێکی ڕێزمانی دەبینن، وەك:

١- مۆرفێمی( -ا ) وەك مۆرفێمێکی کاتی ڕابردوو دەردەکەوێت.

٢- وەکو مۆرفێمی کاتی ڕابردوو لەکاری بکەر نادیاردا.

٣- فۆرمی( -ا ) وەکو جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاك لەگەڵ کرداری( تێپەڕ و تێنەپەڕ)دا،دەردەکەوێت وکورتکراوەی فۆرمی( ات )ە.

٤- پاشبەندی( دا ) لە دیالێکتی ناوەڕاستدا لەشێوەی( -ا )خۆی دەنوێنێت وئەرکەکە جێبەجێ دەکات،ئەمیش دیاردەیەکی فۆنۆلۆجییە وبەهۆی کرتاندنی دەنگی( د )ەوە دەرکەوتووە.

٥- ئەگەرچ مۆرفێمی( ە ) وەکو مۆرفێمی بانگهێشکردن بۆ نێر و( ێ ) بۆ مێ بەکار دەهێنرێن،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار لە ئاخاوتن ولەلایەن شاعیرانەوە مۆرفێمی( -ا ) وەکو ئامرازی بانگهێشتکردن بۆ نێر دەبیسترێ و بەرچاو دەکەوێ

## زانستە مرۆڤایەتیەکان


١- ئەوڕەحمانی حاجی مارف( ١٩٧٩ )،ڕێزمانی کوردی،ب١،ب١،ناو،بەغداد،ل٤.

٢-محەمەد مەعروف فەتاح( ١٩٩٠ )،زمانەوانی،هەولێر،ل٩٦٠

٣-محەمەدی مەحوی و نەرمین عومەر،مۆدێلی ڕێزمانی کوردی،چاپکراوەکانی شارەوانی سلێمانی،چاپخانەی ژیر،سلێمانی،ل٦٢.

٤-محەمەد مەعروف فەتاح ،سەباح ڕەشید( ٢٠٠٦ )،چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی،بەشی ڕووناکبیری،چاپخانەی ڕوون،سلێمانی،ل١١.

٥- ئەوڕەحمانی حاجی مارف( ١٩٩٧ )،وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا، پەراوێزی( ٣ )، ل٢٩.

6- Katamba, F. (1993) Morphology , Macmillian : London ,p41.

٧-عەبدوڵا حوسین ڕەسوڵ ( ١٩٩٥ )،مۆرفێمە ڕێزمانییەکانی کار،نامەی دکتۆرا،زانکۆی بەغدا،کۆلێجی پەروەردە،ل٧٦.

٨- ئەوڕەحمانی حاجی مارف( ١٩٩١ )،ڕێزمانی کوردی،ب١،ب٣،ئاوەڵناو،بەغدا،ل٨٥.

٩-ڕۆژان نوری عبداللە( ٢٠٠٧ )، فەرهەنگی زمان و زاراوە سازی کوردی،زانکۆی کۆیە،ل١١٠.

١٠- ئەوڕەحمانی حاجی مارف( ١٩٩٨ )،ڕێزمانی کوردی،ب١،ب٤،ژمارە و ئاوەڵکردار، بەغدا،ل٨٧.

١١-کوردستان موکریانی( ١٩٨٦ )،سینتاکس ڕستەی سادە لە زمانی کوردیدا،بەغدا، ل٥.

12-Rad ford, A .(1997),Syntax: A minimalist introduction Cambridge university press , p227.

١٢-وریا عومەر ئەمین( ٢٠٠٤ )چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی،بەرگی ١،هەولێر،ل٢٧.

١٤-ئازاد ئەمین فەرەج باخەوان( ٢٠٠٣ )، پێشبەندو پاشبەند لە زمانی کوردیدا،نامەی دکتۆرا،کۆلێجی پەروەردە،زانکۆی بەغدا،ل ١٦٣.

١٥-وریا عومەر ئەمین( ١٩٨٦ ) ،ڕێزمانی ڕاناوی لکاو،ژ( ١٤٧ ) ،بەغدا،ل٧.

١٦- ئەوڕەحمانی حاجی مارف( ١٩٨٧ )،ڕێزمانی کوردی،ب١،ب٢، جێناو، بەغدا ، ل١٣٦-١٣٧ .

١٧- ئازاد ئەمین فەرەج باخەوان( ٢٠٠٣ )،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٨٠.

١٨-محەمەدی مەلا کەریم( ٢٠٠٩ )، نالی لە کڵاو ڕۆژانەی شیعرەکانیەوە،چاپی دووەم، هەولێر،ل٨٥.

١٩-شرح ابن عقيل،ابن عقيل الهمداني وينظر:جامع الدروس العربية للشيخ مصطفى الفلاييني،ج ٢،بدون سنة الطبع،ص٢٨٢-٢٨٣.


## سەرچاوەکان


١- ئەوڕەحمانی حاجی مارف( ١٩٧٧ )،وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا،بەغدا.

٢- ئەوڕەحمانی حاجی مارف( ١٩٧٩ )،ڕێزمانی کوردی، ب١،ب١، ناو، بەغداد.

٣- ئەوڕەحمانی حاجی مارف( ١٩٨٧ )،ڕێزمانی کوردی،ب١،ب٢، جێناو،بەغدا.

٤- ئەوڕەحمانی حاجی مارف( ١٩٩١ )،ڕێزمانی کوردی، ب١،ب٣، ئاوەڵناو،بەغدا.

٥- ئەورەحمانی حاجی مارف( ١٩٩٨ )، ڕێزمانی كوردی، ب١، ب٤، ژماره و ئاوەڵكردا ، بەغدا .
٦-ئازاد ئەمین فەرەج باخەوان( ٢٠٠٣ )، پێشبەندو پاشبەند له زمانی كوردیدا، نامەی دكتۆرا، كۆلێجی پەروەردە، زانكۆی بەغدا.
٧-عەبدوڵا حوسین ڕەسوڵ ( ١٩٩٥ )، مۆرفیمە ڕێزمانییەكانی كار، نامەی دكتۆرا، زانكۆی بەغدا، كۆلێجی پەروەردە.
٨- ڕۆژان نوری عبداللە( ٢٠٠٧ )، فەرهەنگی زمان و زاراوە سازی كوردی، زانكۆی كۆیە، ل١١٠.
٩- محەمەدی مەحوی و نەرمین عومەر( ٢٠٠٤ )، مۆدێلی ڕێزمانی كوردی، چاپكراوەكانی شارەوانی سلێمانی، چاپخانەی ژیر، سلێمانی.
١٠- محەمەد مەعروف فەتاح( ١٩٩٠ )، زمانەوانی، هەولێر.
١١-محەمەد مەعروف فەتاح ،سەباح رەشید( ٢٠٠٦ )، چەند لایەنێكی مۆرفۆلۆجی كوردی، بەشی ڕووناكبیری، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.
١٢- محەمەدی مەلا كەریم( ٢٠٠٩ )، نالی لە كڵاو ڕۆژانەی شیعرەكانیەوە، چاپی دووەم، هەولێر.
١٣-كوردستان موكریانی( ١٩٨٦ ) ، سینتاكس ڕستەی سادە لەزمانی كوردیدا، بەغدا.
١٤-وریا عومەر ئەمین( ١٩٨٦ ) ، ڕێزمانی ڕاناوی لكاو، ژ( ١٤٧ ) ، بەغدا.
١٥-وریا عومەر ئەمین( ٢٠٠٤ )چەند ئاسۆیەكی تری زمانەوانی، بەرگی ١، هەولێر.
١٦-شرح ابن عقيل، ابن عقيل الهمداني وينظر: جامع الدروس العربية للشيخ مصطفى الفلاييني، ج ٢، بدون سنة الطبع.
17-Rad ford, A .(1997),Syntax: A minimalist introduction Cambridge university press.
18- KATAMBA, F. (1993) Morphology , Macmillian : London.

**ملخص البحث**

هذا البحث الذي عنوانه :(مورفيمات( -أ )في اللغة الكردية-اللهجة الوسطى)وهو دراسة وصفية في مباحث الصرف والنحوللغة الكردية, حيث أستخدمت فيه الامثال والبيانات من اللهجة الوسطى للغة الكردية. ويمكن القول أن اللغة الكردية من اللغات التركيبية وللنحوقيم ودور بارز فيها سواء أكانت منفصلة أم متصلة في صياغة الكلمات الجديدة في مجال الصرف اوقواعديا متصلا في مجال النحو لغرض العطف والوصل بين مكونات العبارات والجمل, وبماأن المورفيمات( -أ )ذو شكل واحد من كلتى الحالتين وعليه تعتبر مورفيما واحدا بالرغم من أن البيئة التي تظهر فيها تختلف بعضها عن الاخر.

هذا البحث يقع في فصلين, يبدأ بالمقدمة وتنتهي نتائجه وتتلخص النتائج التي وصلت اليها الدراسة بمايلي :

الفصل الاول: فقد تم تخصيصه للمجال الصرفي حيث يبحث فيه المفهوم والاطار الصرفي , وتضمن مورفيم( -أ )كمورفيم صرفي متصل لغرض بناء الكلمات القاموسية الجديدة, وهومورفيم( لاحقة_suffix ).

الفصل الثاني: قدخصص هذا الفصل في دراسة قدرة المورفيمات( -أ )في المجال النحوي وفي هذا المجال مورفيمات( -أ )كمورفيم نحوي متصل يمكن أن تؤدي عدد من الوظائف النحوية وتجيدالعلاقة بين مكونات العبارات والجمل, وفيما بعد عرض في بيانات أحصائية حول نسبة قدرة هذه المورفيمات ومدى أندماجها.

## Abstract

This research entitled ( (-ا)morphemes in middle accent of Kurdish Language )is a descriptive study of the infliction and syntax of Kurdish Language that examples and date have been used in . it could be said that Kurdish Language a standing role in it either those of bound or free types to form new words in the in flectional or structures of the phrases and the sentences. Since the morphemes have one form in the both cases, so they

regarded as one morpheme although the environments of their appearance are different from each other.

The research consists of two Chapters .the first one is specialized to the inflection field Which studies the concept and the second Chapter is devoted to the studies of the ability of the morpheme (-ا)in the syntax field as abound morpheme that has any syntax functions and combine structure of phrases and syntax then some statistical data have been shown abut the percentage of the ability of these morpheme according to there levels and productions finally the research ends up with conclusion.